




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com






**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی**

| لاپەرەی : ٢ | مانگی جانێویری: ٢٠١٩ | | Page : 2 |
|---|---|---|---|
| ١ | ٥ی جانێویری ٢٠١٨ | رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٤١ی، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی، ئەدەبی و هونەری و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کومیتە و رێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەردیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٢ | ٦ی جانێویری ٢٠١٩ | دەورەی ٢٣١ سەرەتایی پێشمەرگە، لە فێرگەی سیاسی- نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆتایی هات و بۆ ئەو مەبەستە رێورەسمێکی شایستە پێک هات. |  |
| ٣ | ٦ی جانێویری ٢٠١٩ | هەیئەتی نوێنەرایەتیی پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە بە سەرپەرەستی سالح بۆزان ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی رێکخستنی هەرێمی کوردستان بە یاوەری خەبات بیکی و سامی ئەفرینی ئەندامی پێوەندییەکان، سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە هەولێر کرد، کە لە لایەن خالید وەنوشە نوێنەری حیزب لە گەڵ هاورێ حەسەن مەلاک پێشوازییان لێکرا. |   |
| ٤ | ٦ی جانێویری ٢٠١٩ | لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سەحنە سەر بە پارێزگای کرماشان بە بۆنەی هاتنی مانگی رێبەندان و شکۆمەندی رۆژی ٢ی رێبەندان بە نووسینی دروشم و نووسراوەی شۆرشگێرانە لە دەوروبەری شاری سەحنە ، ئەو یادەیان بەرز راگرت. |  |
| ٥ | ٦ی جانێویری ٢٠١٩ | ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە میواندارەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکیان لە قەلای حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێوەبرد. |  |
| ٦ | ٨ی جانێویری ٢٠١٩ | هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر بە سەرپەرشتی هاورێ خالید وەنەوشە سەردانی " پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان"یان کرد. لە لایەن شاندێکی باڵای پارتی کرێکاران و رەنجدەران پێشوازیان لێکرا. |   |
| ٧ | ٨ی جانێویری ٢٠١٩ | شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر سەردانی پارتی یەکیەتیی کوردستان - سووریە یان لە شاری هەولێرکرد، کە لە لایەن شاندێکی باڵای پارتی یەکیەتیی کوردستان - سووریە بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ ئیبراهیم برۆ و هەڤاڵ نەواف رەشید بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ٨ | ١٢ی جانێویری ٢٠١٩ | بە بەشداری کۆمەڵێک لە هاورێ و هاوسەنگەران، چەندین کەسایەتی سیاسی و نوێنەری چەندین حیزب و رێکخراوی کوردستانی، لە شاری لەندەن ی بریتانیا و لە یەکێک لە گۆرستانەکانی ئەم شارە، تەرمی هاورێی ئازیز و کادری لێهاتوو حیزبەکەمان کاک سەید کەمال بەدری بە خاک سپێردرا. |   |


https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩ | ١٣ای جانێویری ٢٠١٩ | تێکۆشەرانی کرماشانی لە چەندین شوێنی بەرچاوی ئەو شارە بە بڵاوکردنەوەی تراکت و هەڵواسینی نووسراوەی شۆڕشگێڕانە بۆ جارێکی دیکە ڕێزیان لە بۆنەی نەتەوەیی ٢ی ڕێبەندان گرت. |  |
| ١٠ | ١٧ای جانێویری ٢٠١٩ | هاوڕێ خالید عەزیزی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان کار بۆ دروستکردنی پەروەندەیەکی حقووقی بۆ بەدواداچوونی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات دەکا. |  |
| ١١ | ١٨ای جانێویری ٢٠١٩ | بەشێک لە تێکۆشەران و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری کوردپەروەری مەهاباد بە بڵاو کردنەوەی تراکت و نووسراوەی شۆڕشگێڕانە، پێشوازییان لە بۆنەی نەتەوەیی ٢ی ڕێبەندان کرد. |  |
| ١٢ | ١٨ای جانێویری ٢٠١٩ | لە شاری دێموکراتپەروەری بۆکان لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو شارە بە بڵاوکردنەوەی دروشمی شۆڕشگێڕانە یادی ٢ی ڕێبەندانیان بەرز ڕاگرت. |  |
| ١٣ | ١٨ای جانێویری ٢٠١٩ | شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک سەردانی پارڵمانی دانمارکیان کرد و و دیدار و چاو پێکەوتنێکیان لەگەڵ بەڕێز لارس ئەسڵان راسموسن ئەندام پارڵمان و بەرپرسی دۆزی کورد لە حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی دانمارک و دۆستی کورد ساز کرد. |  |
| ١٤ | ١٩ای جانێویری ٢٠١٩ | لایەنگران و دۆستانی چاونەترسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەشاری سەرپێڵزەهاوی پارێزگای کرماشان بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چەند شوێنی بەرچاو و گرینگی ئەو شارە چالاکیی تەبلیغی کرا. |  |
| ١٥ | ١٩ای جانێویری ٢٠١٩ | وتووێژی هاوڕێ خالید عەزیزی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ بەشی کوردیی دەنگی ئەمریکا. |  |
| ١٦ | ١٩ای جانێویری ٢٠١٩ | لەسەر بانگهێشتی بەڕێز سڤیند ڕابنسۆن Svend Rabnson چالاکی ناسراوی مافی مرۆڤ و ئەندامی لە مێژینەی پارتی دێموکراتی نوێی کانادا و ئەندامی پارڵەمانی پێشوی کانادا ! هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڤانکۆڤێری کانادا بەشداریان کرد لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی ئەو حیزبە. |   |
| ١٧ | ١٩ای جانێویری ٢٠١٩ | هاوڕێ ناسر قادرپوور بەرپرسی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات سەردانی وەزارەتی ئابووری و خەزانەداریی نۆروێژی کرد و لە لایەن وەزیری ئابووری خاتوو سێڤ یەنسن کۆبووەوە. |  |
| ١٨ | ١٩ای جانێویری ٢٠١٩ | کومیتەی حیزبی دیموکراتی کورستان لە وڵاتی سوید، بە هاوکاری یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان و ناوەندی سویدی- کوردی، بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ٧٣هەمین ساڵەوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەڕێوە برد. |  |
| ١٩ | ١٩ای جانێویری ٢٠١٩ | بە بەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرانی حیزب و لایەنە کوردستانییەکان، لە وڵاتی نۆروێژ ٧٣هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا ڕێزی لێ گیرا. |  |
| ٢٠ | ١٩ای جانێویری ٢٠١٩ | سەرجەم کۆمیتەکانی حدک لە ئوستڕالیا و کۆمیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانیەکان لە ئادلاید، ڕێورەسمێکی پڕشکۆ بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان بەڕێوە چوو کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی نیشتەجێی ئەو شارە بەشدار بوون. |   |

Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١ | ٢٠ی جانێویری ٢٠١٩ | ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بەرەبەری دووی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان سمینارێکی لە دوو پانێلدا لە شاری هەولێر و بەبەشداریی نوێنەرانی کۆمەڵێک لە حیزبە سیاسییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و میدیاکار بەڕێوەچوو. |   |
| ٢٢ | ٢٠ی جانێویری ٢٠١٩ | لایەنگران و دۆستانی وەفاداریی حیزبی دێموکرات لە چەندین شوێن و گەڕەکی شاری سنە بە نووسینی دروشم و بڵاو کردنەوەی تراکت و نووسراوەی شۆڕشگێڕانە خۆیان بە درێژەدەری ڕێگای پێشەوا قازی و سەرجەم شەهیدانی حیزب و گەل زانی. |  |
| ٢٣ | ٢١ی جانێوێری ٢٠١٩ | دۆستان و لایەنگرانی حیزب لە گوندی کانیڕەشی ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان، لایەنگرانی حیزب دەستیان بە بلاوکردنەوەی تراکتی پێوەندیدار بەو ڕۆژە و نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە کردو وێنەی شەهیدانی حیزب ، بەتایبەت پێشەوا قازی محەممدیان بڵاو کردووەتەوە. |  |
| ٢٤ | ٢١ی جانێوێری ٢٠١٩ | لە شاری دێموکراتدۆستی پیرانشار ، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بڵاو کردنەوەی تراکت و نووسراوەی شۆڕشگێڕانەو پێوەندیدار بۆ جارێکی دیکە یاد و ناوی پێشەوا قازی محەممەد و، تێکۆشەرانی ڕێبازی دێموکراتیان بەرز ڕاگرت. |  |
| ٢٥ | ٢١ی جانێوێری ٢٠١٩ | لە شاری ڕەبەت ، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بڵاو کردنەوەی تراکت و نووسراوەی شۆڕشگێڕانەو پێوەندیدار سەرلەنوێ لەگەڵ ڕێباز و ئامانجی پێشەوا قازی محەممەد پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوە. |  |
| ٢٦ | ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٩ | بەشێک لە ئەندامان و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەریوان بڵاو کردنەوەی تراکت و نووسراوەی شۆڕشگێڕانە لە نێو شار و دەوروبەری ئەوشارە، لەو ڕێگایەوە بۆ جارێکی دیکە لەگەڵ ڕێباز و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و حدک پەیمانی وەفادارییان نوێکردەوە. |  |
| ٢٧ | ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٩ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٤٢ی، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هونەری و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  کوردستان |
| ٢٨ | ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٩ | بەشێک لە ئەندامان و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سەردەشت بە بڵاو کردنەوەی تراکت و نووسراوەی شۆڕشگێڕانە لە نێو شار و دەوروبەری ئەوشارە ، لەو ڕێگایەوە بۆ جارێکی دیکە لەگەڵ ڕێباز و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیمانی وەفادارییان نوێکردەوە. |   |
| ٢٩ | ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٩ | بەڕێز سەلاح پورئەسەد بەرپرسی پەیوەندییەکانی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوسترالیا، سەردانی پارلمانی ئەو وڵاتەی لە شاری کانبرای پایتەخت کرد و لەگەڵ " دوکتور فیلیپا برانت" بەرپرسی دەفتەری سەناتۆر " پنی وەنگ" لە حیزبی کرێکاری ئوسترالیا و وەزیری دەرەوەی سێبەر کۆبووەوە. |  |
| ٣٠ | ٢٣ی جانێوێری ٢٠١٩ | چاوپێکەوتنێکی تایبەتی لەگەڵ نوێنەری بەشی کاروباری دەرەوەی حیزبی چەپی سوید، " بەڕێزهۆکان سوێنێلینگ" لە دەفتەری ئەو حیزبە لەشاری ستۆکهۆڵم پایتەختی ئەو وڵاتە ڕێکخست. |  |

https://serchawe.com


| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣١ | ٢٥ی جانێوێری ٢٠١٩ | ڕاگەیانـدراوی کـۆمیتەی بەڕێـوەبەری دەرەوەی وڵاتـی حیزبـی دێمـۆکراتی کوردسـتان: بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە ڕۆژی هەینی ٢٥ی ژانویەی ٢٠١٩ هـاوڕێی بەڕێز کـاک ئەبـووبەکر ڕاد، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوندەیی حیزب و تێکۆشەری نەسرەوتـووی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد. |   |
| ٣٢ | ٢٦ی جانێوێری ٢٠١٩ | کـۆمیتەی حیزبـی دێمـوکڕاتـی کوردستان لە وڵاتـی ئاڵمـان، ڕێورەسمێکی پڕشکۆی بـۆ ڕیزگـرتن لە ٧٣هەمین ساڵەوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە شاری کۆڵن بەڕێوەبرد. |  |
| ٣٣ | ٢٦ی جانێوێری ٢٠١٩ | کۆمیتەی حیزبی دیموکراتـی کوردستـان لە وڵاتـی دانمـارک ڕێورەسمێکی بە شکۆی بـۆ بەرز و پیـرۆز ڕاگرتنی ٢ی ڕێبەندان، ٧٣ هەمین ساڵەوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان پێکهێنا . |  |
| ٣٤ | ٢٧ی جانێوێری ٢٠١٩ | کومیتەی ناشویلی حیزبی دیموکراتـی کوردستان لە وڵاتـی ئامریکا،ڕێو ڕەسمێکی بۆ ڕێز گـرتن لە ٧٣ هەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەڕێوە برد. |  |
| ٣٥ | ٢٩ی جانێوێری ٢٠١٩ | بۆ ڕێز گرتن لە یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان و بەرز نرخاندنی ئەم یادە پیرۆزە، کومیتـەی حیزبـی دێموکراتـی کوردستـان لـە ئـەمریکا، ڕێورەسمێکی بـۆ ئـەم بۆنەیـە لـە دەڤـەری واشنگتون بـە بەشداری ئەنداما‌ن و لایەنگرانی حیزبـی دێموکراتـی کوردستان و سـەرجەم حیزبـە کوردستانییەکان بەڕێوەبرد. |   |
| ٣٦ | ٢٩ی جانێوێری ٢٠١٩ | د. ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتیی حیزبـی دێموکڕاتـی کوردستان بـە هاوڕێیەتـی کـاک ئـارێز ڕەمەزانی بەرپرسـی پێوەندییـە سوئێدییەکانی حیـزب لـە سـێ دیـداری جیـا جیـادا لەگـەڵ بەرپرسانی وەزارەتـی دەرەوەی سوئێد و هـەردوو پـارتی سۆسیال دێموکڕات و لیبراڵـی ئـەو وڵاتـە دیداری کرد. |   |
| ٣٧ | ٣١ی جانێوێری ٢٠١٩ | هەیئەتێکـی ڕێبەریـی "کـۆمەڵەی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان" بە سەرپەرسـتیی کـاک عـومەر ئیلخانیزادە، سکرتێری گشتیی کۆمەڵە سەردانی سکرتاریای "حیزبی دێموکراتی کوردستان"یان کرد و لەلایەن هەیئەتێکـی ڕێبەریـی حیـزب بە سەرپەرستیی کـاک مستەفا مەولـوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتـی کوردستان پێشوازییان لێکرا. |   |
| | | | |

https://serchawe.com

# کۆبەندی بەشێک لە کارو چالاکییەکانی
## حیزبی دیموکراتی کوردستان
## لە مانگی فێبریوێری ۲۰۱۹

| لاپەڕەی : ٦ | مانگی فێبریوێری: ۲۰۱۹ | | Page : 6 |
|---|---|---|---|
| ١ | ۲ی فێبریوێری ۲۰۱۹ | تەشکیلاتی ناوەندی یەکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هاوکاری پەیوەندییەکانی حیزب لە پاریزگای سلێمانی و کۆمیتەی حیزب لە شاری سلێمانی کۆبوونەوەیەکی سیاسی تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی حیزب پێکهێنا. |  |
| ٢ | ۲ی فێبریوێری ۲۰۱۹ | بەشداری نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و سەدان کەس لە خزم، دۆست و هاوڕێیانی کاک ئەبووبەکر ڕاد، لە شاری ستۆکهۆڵم کۆڕیادێک بۆ ڕێزگرتن لە هاوڕێی کۆچکردوو کاک ئەبووبەکر ڕاد بەڕێوە چوو. |   |
| ٣ | ۳ی فێبریوێری ۲۰۱۹ | یازدەهەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە میوانداریی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هات و لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر چەند بابەت و بەرنامەی کاریی ناوەند ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا و بڕیاریان بۆ درا. |  |
| ٤ | ۳ی فێبریوێری ۲۰۱۹ | بەشداری شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دانمارک لە کۆڕی پرسەی میر تەحسین بەگ میری کوردانی ئێزیدی لە شاری "ویل ئۆوا" سەر بەکۆپنهاگی پایتەختی دانمارک. |  |
| ٥ | ۳ی فێبریوێری ۲۰۱۹ | هەیئەتیکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە پێکهاتبوون هاوڕێیان حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسی و خالیدوەنەوشە ئەندامی کۆمیتەی ناوندی و نۆێنەری حیزب لە هەولێر بە بۆنەی یادی ۲٤ساڵەی دامەزراندنی پارتی کریکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان سەردانی مەکتەبی سیاسی حیزبی ناوبراویان کرد. |   |
| ٦ | ٤ی فێبریوێری ۲۰۱۸ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ۷٤۳ی، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هونەری و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |   |
| ٧ | ٥ی فێبریوێری ۲۰۱۸ | لە قەڵای دێموکرات یەکەم سمنیاری پلاتفۆڕمی "وێران" لە دوو تەوەری "هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی چینە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە سێ قوناغی گرینگی ٤٠ساڵەی کۆماری ئیسلامیدا و "ئاوردانەوە لە نەقشی لاوان لە شۆڕشەکاندا و مەترسییەکانی کەلێنی نێوان جیلەکان"، پێشکەش کرا. |   |
| ٨ | ٦ی فێبریوێری ۲۰۱۹ | هەیئەتیکی مەکتەبی سیاسی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان سەردانی دەفتەری نۆینەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە پیوەندییەکانی هەولێر کرد. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩ | ٧ی فێبریوەری ٢٠١٩ | لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی "ئەلمۆنیتۆر"، د. ئاسۆ حەسەن زادە، وتەبێژی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەبارەت بە کۆنفرانسی وارشۆ و جێگە و پێگەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە باس و خواسە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە ئێراندا تێڕوانینی حیزبی دێموکڕاتی سەبارەت بەم کەمایەسیی ئەم دانیشتنەی خستەڕوو. |  |
| ١٠ | ٩ی فێبریوەری ٢٠١٩ | ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری یۆتۆبۆری وڵاتی سوئید و دەوروبە بە مەبەستی پیرۆزکردنی ٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان شەوئاهەنگێکی خێزانیان پێک هێنا. |  |
| ١١ | ٩ی فێبریوەری ٢٠١٩ | کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاری یەکێتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان و بەشداری ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و بەشێک لە کوردستانییان، بە بۆنەی ٧٣هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کوماری کوردستان ڕێورەسمێکی بەشکۆی بەڕێوە برد. |  |
| ١٢ | ١٠ای فێبریوەری ٢٠١٩ | هەیئەتێکی کۆمیتەی نۆروێژی حیزب دێموکراتی کوردستان بەشداری ڕێورەسمی ٤٠مین ساڵەی دەستپێکی خەباتی ئاشکرای کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیرانیان کرد. |  |
| ١٣ | ١٣ای فێبریوەری ٢٠١٩ | لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بە دەستپێشخەری کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شارێ بێرن و بە بەشداری چەند ڕێکخراو و سازمانی کوردستانی و ئێرانی و کانوونی پەنابەران خۆپیشاندێکی جەماوەری بەرێوەچوو. |  |
| ١٤ | ١٩ای فێبریوەری ٢٠١٩ | رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٤٤ی، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵیک بابەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هونەری و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ١٥ | ٢٣ی فێبریوەری ٢٠١٩ | هەیئەتێکی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە سەرپەرستی بەرێز د. محەممەد هاودینانی بەرپرسی دەزگای پێوەندییەکانی یەکگرتوو سەردانی دەفتەری سیاسیی حدک کرد و لە لایەن هەیئەتێک بە سەرپەرستی بەرێز مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێشوازییان لێکرا. | <br> |
| ١٦ | ٢٣ی فێبریوەری ٢٠١٩ | هاوپێوەندی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران کە لە ئەنجامی لێکگەیشتن و هاوکاریی دە ڕێکخراوی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هاتووە، دەسپێکی کار و تێکۆشانی خۆی بە رەسمی راگەیاند. |  |
| ١٧ | ٢٥ی فێبریوەری ٢٠١٩ | شاندێکی یەکیەتیی دێموکرات کوردستان بە سەرۆکایەتی سکرتێری ئەو حیزبە، بەڕێز عوسمان جەعفەری سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن بەرێز مستەفا مەولوودی سکرتێری حیزب و شاندی حیزب پێشوازیان لێکرا. |  |
| ١٨ | ٢٥ی فێبریوەری ٢٠١٩ | لە کۆڕیادێکدا کە بە بۆنەی شاعیری پێشمەرگە، شەهید سوهەیلا قادری لە شاری کۆیە بەڕێوەچوو، دوا بەرهەمی ئەو شاعیرە تێکۆشەرە، کەوتە بەردیدی خوێنەران. |  |
| ١٩ | ٢٨ی فێبریوەری ٢٠١٩ | هەڤاڵ یووسف حوسێن بەرپرسی پیوەندییەکانی "پارتی شەپوولی پێشڕەوی کورد لە سووریە" سەردانی پێوەندییەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی کرد و لە لایەن هەیەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستی خالێد وەنەوشە بەپرسی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری هەولێر پێشوازییان لێکرا. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com







| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ای مارچی ٢٠١٩ | بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی ئادلاید لە باشوری ئوسترالیا، کۆڕێکی شایستە بۆ کۆچی هاوڕێ ڕەحمەت کەریمیان ئەندامی کۆچکردوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو. |  |
| ٢ | ٢ی مارچی ٢٠١٩ | بە بۆنەی ساڵرۆژی ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات و بەڕێوەچوونی میتینگی گەورەی مەهاباد بۆ پشتیوانی کردن لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، سمینارێک بۆ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە سیمای دیار و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات پێکهات. |  |
| ٣ | ٢ی مارچی ٢٠١٩ | کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە واشنگتۆن،ی پایتەختی ئەمریکا ڕۆژی ٢ فێورییەی ٢٠١٩ لە ڕێوڕەسمی چل ساڵەی کۆچی دوایی مەلا مستەفای بارزانی،دا بەشداری کرد. |  |
| ٤ | ٢ی مارچی ٢٠١٩ | بە بەشداری زۆربەی زۆری ئەندامان لە کۆمیتەی شارەکان کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە شاری ئورێبرو وڵاتی سوئید بەڕێوەچوو. |  |
| ٥ | ٣ی مارچی ٢٠١٩ | شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپرستی خالید وەنەوشە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و نوێنەری حیزب لە هەولێر سەردانی لقی ٢٣ی قەرچۆغی پارتی دێموکراتی کوردستانیان کرد کە لە لایەن بەرپرسی لقی ٢٣ بەڕێز کرمانج عەبدوڵڵا و کارگێرانی لقی ٢٣ وە پێشوازییان لێکرا. |   |
| ٦ | ٣ی مارچی ٢٠١٩ | هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستی خاتوو شلێر مەحموودی سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە سەردانی دکتور ڤالا فەرید یان کرد و چەپە گوڵی پیرۆزباییان بە بۆنەی هەڵبژاردنی وەک سەرۆکی پارلەمانی کوردستان پێشکەش کرد. |  |
| ٧ | ٥ی مارچی ٢٠١٨ | کاک ڕەزا کەعبی جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان و کاک حەمید مورتەزا زادە ئەندامی ڕێبەری و بەرپرسی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەبریتانیا، دیدارو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بەریز لویس ئەیالا سکرتێری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست پێک هێنا. |  |
| ٨ | ٤ی مارچی ٢٠١٨ | ناسر قادرپوور بەرپرسی گشتیی یەکیەتی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات، لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی خوێندن و پەروەردەی وڵاتی نۆروێژ " یورون ڕیتمان" کۆبۆوە. |  |
| ٩ | ٤ی مارچی ٢٠١٨ | حیزبەکانی کوردستانی ئێران ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوە. |  |



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠ | ٥ی مارچی ٢٠١٨ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٤٥ی، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هونەری و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ١١ | ٨ی مارچی ٢٠١٩ | بەڕێز محەممەد خادمیانی نوێنەری یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە کانادا و بەرپرسی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژئاوای کانادا لەگەڵ بەڕێزان "مێری نگ" وەزیری پیشەسازی کانادا و "ران مەکانن" ئەندام پارلمانی لە حیزبی دەسەلاتداری لیبراڵ دیدار و چاوپێکەوتنی کرد. |  |
| ١٢ | ٩ی مارچی ٢٠١٩ | بەڕێز ئارێز ڕەمەزانی بەرپرسی بەشی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکانی حیزب لە وڵاتی سوئێد زانیاری تازە دەخاتەڕو سەبارەت بە دانیشتنی کۆمیسیۆنی ئەورووپای پارلەمانی سوئێد و باسەکانیان لە سەر موشەکبارانەکانی پاییزی ڕابوردووی قەڵای دێموکرات. |  |
| ١٣ | ١٠ای مارچی ٢٠١٩ | بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن سمینارێک لە شاری گێنێوە لە وڵاتی دانمارک و بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە ژنان و پیاوانی یەکسانیی خواز بەڕێوەچوو. |  |
| ١٤ | ١٠ای مارچی ٢٠١٩ | لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا سەرۆکاتیی زانکۆی کۆیە بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری لە بواری وەرگێڕان، بە بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیاسەتمەدار و ئەدیبی ناسراوی کورد بەخشی. |  |
| ١٥ | ١٢ای مارچی ٢٠١٩ | لە سەر بانگێشتی فراکسیۆنی حیزبی سوسیال دێموکراتی ئوتریش، سمینارێک بە بەشداری کۆمەڵێک لە پارلمانتارانی ئوتریش و ڕۆژنامەوان و کەسایەتیی دانیشگایی بۆ هاوڕێ خالید عەزیزی ئەندامی ڕێبەری حیزب لە سەر هەلومەرجی کوردستان و ئێران و ناوچەکە پێکهێنرا. |  |
| ١٦ | ١٣ای مارچی ٢٠١٩ | هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کورستان بە سەرپەرستی کاک خالد عەزیزی و هاوڕێیەتی بەڕێزان کاک خدر هەمزەنژاد بەرپرسی کۆمیتەی ئوتریش و کاک عەلی مازوجی بەرپرسی بەشی پەیوەندیەکان، لەگەڵ هەیئەتی دادگوستەری ئوتریش کۆبوونەوە. |  |
| ١٧ | ١٣ای مارچی ٢٠١٩ | بە سروودی ئەی ڕەقیب و پاشان ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆحی پاکی شەهیدان یادی ٧٣ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە شاری کۆیە باشووری کوردستان کرایەوە. |  |
| ١٨ | ١٣ای مارچی ٢٠١٩ | دیداری هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرشتی هاوڕێ خالید عەزیزی لەگەڵ هەیئەتی وەزارەتی دەرەوە و دەفتەری سەرۆک وەزیرانی ئوتریش. |  |
| ١٩ | ١٤ای مارچی ٢٠١٩ | هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی بەڕێز خالید عەزیزی ئەندامی ڕێبەری و بەرپرسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی حیزب و هاوڕێیەتی بەڕێزانی خدر هەمزە نژاد و دکتور عەلی مازووجی، دیدارێکیان لەگەڵ شتیفانی کریزپەر بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە و کاروباری مافی مروڤ پێک هێنا. |  |
| ٢٠ | ١٤ای مارچی ٢٠١٩ | کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش، سمینارێکی سیاسی بە بەشداری نوێنەری جەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، کوردانی دانیشتووی ئەو وڵاتە و کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندام، دۆست و لایانگرانی حیزب بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، ئەندامی ڕێبەری و بەپرسی پەویەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب، لە ڤییەن،ی پایتەختی وڵاتی ئوتریش.پێک هێنا. |   |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١ | ١٤ی مارچی ٢٠١٩ | بەشداریی نوێنەری یەکیەتیی لاوان خاتوو هێژا ڕۆستەمی لە کۆنفرانسی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست سەبارەت بە نیۆ لیبراڵیزم و پۆپۆلیزم لەشاری مادریدی ئیسپانیا. |  |
| ٢٢ | ١٦ی مارچی ٢٠١٩ | هاوڕێ محەممەد خادمیانی نوێنەری یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد و بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژئاوای کانادا لەگەڵ بەڕێز "هەرجیت ساجان" وەزیری بەرگری کانادا دیدار و چاوپێکەوتنی کرد. |  |
| ٢٣ | ١٧ی مارچی ٢٠١٩ | ئەندامان و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری دێرینی کرماشان بە بۆنەی هاتنی نەورۆز و نوێبوونەوەی ساڵ بە مەبەستی هەوڵدان بۆ یەکگرتوویی و پێشوازی کردنی کوردانە لە بۆنەکانی نەورۆز چالاکیی تەبلیغی کرا. |  |
| ٢٤ | ١٧ی مارچی ٢٠١٩ | ئەندامان و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سنە بە بۆنەی هاتنی نەورۆزی کوردەواری بە بڵاو کردنەوەی تراکت و نووسراوەی پێوەندیدار وێڕای پیرۆزبایی کردنی نەورۆز لە خەڵکی کورد بە تایبەتی لە تێکۆشەرانی دێموکرات پێشوازییان لەو بۆنە نەتەوەییە کرد. |  |
| ٢٥ | ٢٠ی مارچی ٢٠١٩ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٤٦ی، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هونەری و هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان، کومیتە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٢٦ | ٢١ی مارچی ٢٠١٨ | پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەبۆنەی جێژنی نەتەوایەتیی نەورۆزەوە: بەبۆنەی ئەو جێژنە مێژووییەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەم و ژیانێکی خۆش و ساڵێکی پڕ دەسکەوت و تەژی لە سەرکەوتن بۆ هەموو نەتەوەکەمان بەئاوات دەخوازم. |  |
| ٢٧ | ٢١ی مارچی ٢٠١٨ | پەیامی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەبۆنەی ساڵی نوێی کوردی: نەورۆز و سەری ساڵی نوێدا بکەن بە سەمای ئازادیی ئاگری نەورۆز گەشتر بکەن و بیسەلمێنن کە نەورۆز هەروا سەمبولی تەبایی و یەکڕیزییە. | |
| ٢٨ | ٢٣ی مارچی ٢٠١٩ | بەشداریی بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید، لە کۆنگرەی پارتی سوسیال دیموکراتی سوئید لە شاری ئۆرۆبرۆ،ی ئەم وڵاتە. |  |
| ٢٩ | ٢٣ی مارچی ٢٠١٩ | لەسەر بانگهێشتی فەرمی فدراسیۆنی کۆمەڵەکوردیەکان، هەیئەتێکی کۆمیتەی سوئیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی لە کۆبوونەوەی فیدراسێۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە وڵاتی سوئید کرد. |  |
| ٣٠ | ٢٤ی مارچی ٢٠١٩ | بۆ ڕێزگرتن لە نەورۆز جێژنی کۆن و دێرینی نەتەوەیی و دەسپێکی ساڵی ٢٧١٩ی کوردی، لە ناوچەی ئۆسفۆڵدی وڵاتی نۆروێژ، بە بۆنەی نەورۆزەوە ڕێوڕەسمێک بەڕێوە چوو. |  |
| ٣١ | ٢٥ی مارچی ٢٠١٩ | ئاخاوتنی ڤیلاند شنایدەر لە ڕۆژنامەی دی پرێسێ؛ لەگەڵ خالید عەزیزی یەکێک لە کەسایەتیە سیاسیە دیارەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ئێران.خالید عەزیزی پێیوانیە، کە ئابلۆقە تازەکانی ئەمریکا بە دژی ئێران، بتوانن بە تەنیا ئەو ڕیژیمە بروخێنن. |  |
| ٣٢ | ٢٦ی مارچی ٢٠١٩ | هاوڕێی محەممەد خادمیانی نوێنەری بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەری یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد و لە ڕۆژئاوای کانادا لەگەڵ بەڕێز " بێڵ مورنۆ " وەزیری دارایی دەوڵەتی فیدراڵی کانادا دیداری کرد. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ۳۳ | ۲۷ی مارچی ۲۰۱۹ | ئەندامان و لایەنگران و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری تیکاب، بە بۆنەی ساڵرۆژی لە سێدارەدانی شەهید پێشەوا قازی محەممەد یەکەمین سەرۆککۆماری کوردستان و هەڤاڵانی، بە بۆنەیەوە لە شاری دێموکراتدۆستی تیکاب چالاکیی تەبلیغی کرا. |  |
| ۳۴ | ۲۸ی مارچی ۲۰۱۹ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هاوڕێ لەتەک کۆمەڵی کوردانی هامبۆرن، لە شاری هامبۆرگی ئاڵمان، ڕێوڕەسمی جێژنی نەتەوایەتی نەورۆزیان"نەورۆزی سەمای ئازادی" بە شکۆیەکی تەواوە بەڕێوەبرد. |  |
| ۳۵ | ۲۸ی مارچی ۲۰۱۹ | هاوڕێ محەممەد خادمیانی نوێنەری یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد و بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژئاوای کانادا لە سەر بانگهێشتی ڕەسمیی نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی هەریمی بی سی لە ئاهەنگی تایبەتیی نەورۆز لە پارڵمانی ئەو هەریمە بەشداری کرد. |   |
| ۳٦ | ۲۸ی مارچی ۲۰۱۹ | هاوڕێ محەممەد خادمیانی لەگەڵ بەڕێز خاتوو" مریەم مونسیف""وەزیری پەرەپێدانی نێونەتەوەیی و وەزیری ژنان و یەکسانی ڕەگەزی و ران مەکانن ئەندام پارڵمانی فیدراڵی کانادا دیداری کرد. |  |
| ۳۷ | ۲۸ی مارچی ۲۰۱۹ | ئەندامان و لایەنگران و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ئیلام، بە بڵاوکردنەوەی وێنەو پۆستێرڕ تایبەت بە پێشەوا قازی محەممەد و هەروەها بە نووسینی دروشمی شۆڕشگێرانە لە نێو شار، لەو ڕێگایەوە بۆ جارێکی دیکە وەفاداریی خۆیانیان بە ڕێبازی دێموکرات و ئامانجەکانی نەمر پێشەوا قازی محەممەد دووپات کردەوە. |   |
| ۳۸ | ۳۰ی مارچی ۲۰۱۹ | لە "خویندنگەی پێشەوای بنەڕەتی" کۆیە دیبەیتێک لە ژێر ناوی "ڕۆڵی پێشەوا لە بزووتنەوەی کورددا" بە بەشداری بەڕێزان عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیایی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، فواد خاکی بەیگی ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و ماریا چالاک مامۆستای مێژوو پێکهات. |   |
| ۳۹ | ۳۰ی مارچی ۲۰۱۹ | بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە تێکۆشەران و کادرو پێشمەرگە و بەشێک لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەزارگەی شەهیدان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات، ڕێوڕەسمی تایبەت بە ڕۆژی ١٠ای خاکەلێوە بەڕێوەچوو. |  |
| | | | |

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا

مانگی خاکەلێوەی ۲۷۱۹ی کوردی = مارچی ۲۰۱۹ی زایینی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com